

# ئەم سوتانە هاوکێشەیە

ئیسماعیل خورماڵی

ئەویٚ هەفتە ، شار شەلاٚلی بیٚ دەنگی بوو

ئەویٚ هەفتە ،  شار پایزی جووڵە و ڕەنگ بوو

ئەویٚ هەفتە هەتا لیمۆی

ڕۆشنایی پەنجەرەکانیش هەڵگوشرا بوون

ئەوەی هەبوو ئەوەی مابوو

ئەوەی لە ناو سایەی شەودا ، ڕەنگی هەبوو

تەنیا چاوی هەڵبرژانی ڕۆحی من بوو !

ئەوەی هەبوو ئەوەی مابوو

تەنیا لاکی ماڵی من بوو

ڕەشەبای خەو نەیبرد بوو !

دە ئەی بای تاڵ

وەرە و ئەمشەو

فوویەک لە ماڵی منیش کە و

بە سوار کۆڵی خۆتانەوە

ماڵ بە ماڵی گەڕەکەکەم بمگەڕێنە
مناڵێکی ماڵ لێ وونبووم

بەوە نی یە هەنوکە لێرەدا کەوتووم

دە ئەی بای تاڵ
وەرەو بمبە

وەلێ دەخیل هەتا ماڵی سپی خۆمان نەدۆزمەوە

ئامان دەستم لێ بەرمەدە

منی ئاشقی با نەژاد

ئەم گەڕەکە شارەزا نیم

ئەم گەڕەکە

سەر و باڵ و دەم و چاوی هەر شەهوەتە

ئەم گەڕەکە خاکی چەرپا و ناڵە و ماچە

ئەم گەرەکە خۆی خاکێکی سەر بەخۆیە

ئاڵای جیایە

یاسای جیایە

مەگەر هاوڕێ نەتبیستووە

قانوون لەوێ سەماکەرێکی باڵێ یە و

هەر سەعاتە و لەسەر پشتی جۆرێک کاغەز

سەما دەکا

هەر سەعاتە و

لەسەر مێزیک ئەڕشیتەوە

هەر سەعاتە و

لە بن باڵی پیاوێکدا بە ڕووتی دەمرێ

هەر بە ڕووتیش دەنوێ

لێرەش قانوون بۆ من و تۆ

سنگی شاخێکە مل ئەستوور

ئەتڵەسێکە بە بێ سنوور

لێرەش قانوون بۆ من و تۆ

ئەی بای هاوەڵ

خاکی مارە زڕە دارە !

دەی دەخیلە

وەرە و بمبە

وەک عەلاگەیەکی ڕەش و پڕ

لە بەردەم ماڵی یەکێکیانا فڕێم بە

بۆنم ئەکەن

ئەگەر چنگی پشیلەیەک گەشتە سەرم

ئەوا خێرا دەمبەنە ژوور

ئەگەر دووربا وەکو باڵای مەسیحیش بەلاداهاتم

ئەوا دەرگای ماڵیان کلۆم ئەدەنەوە و

دەنگ دەنگ دەڵێن

کی بەم شەوە دەمی جانتای خەون و جووت بوون ئەترازێنێ

کێ بەم شەوە

ئاونگی سەر ڕانی ئەسڕێ و

لەژێر کەپری قژی خانمیا دێتە دەر

کێ بەم شەوە گیای بن باڵ و

ڕشاننەوەی ناو پێخەف و

جۆلانەی هەناسە بڕگێ و

ڕۆمانی ماچ بەجێ دێڵێ !

ئەی بای هاوەڵ

تۆ بەرگەی ژانی من ناگری

تۆ وەک خۆم لە من تێ ناگەی

هاوڕێ بڕۆ و بەجێم بێڵە

چیم بەسەر بێ سەرچاوەکەی هەر لای خۆمە

ئاخ یاخی بوون

تۆش وەک قانوون بەرە ژانی خاکی تەوری

تۆش وەک قانوون

درۆی کەون و فێڵی هەوری

تۆش وەک قانوون

هیلاکی دوای ماڵی چەوری

ئاخ یاخی بوون تۆش وەک قانوون

هاوڕێ بڕۆ بەجێم بێڵە

بێ خەم بە تازە هەتیو نیم

زللە ، هاوڕێ مناڵیمە !

***

ئەم بێ ماڵی وتەنیاییەم

تووڕەبوونە لە شارەوە

تووڕەبوونە لە دڵێکی مۆردانەوە

سمکۆ بەسە

ئەمە وانە و ئۆپەرێتی کۆستێکی تر

ئەمە زەردە و بەفری شیعرو

پەتای حەرف و شەستێکی تر

ئەمە پیری و گۆزەیەک ژەهری خەست تر !

سمکۆ بەسە

چیتر هەراسانیت نەوێ

با هەنێشت خۆڵاوی بێ

دوور بڕوانە هاتا خاکیش وەکو تۆیە

ئەوەتانێ شەپۆل دوورە و

نووزەی ماڵ و هاواری دارستانیش خۆ

کەم دەگەنە شیعری نوێ !

خۆ تۆ دەنگت ئەگاتە شاخی گشت گوێیەک

خۆتۆ نەک نووزەت بگاتە ماڵە شیعرێ

خۆت شیعر و ئاسمانی حەرفی

ئیدی چما وەک دیوارکۆی ماڵە گوندێ

ڕەش دەسووتێ ی ، کز دەسووتێ ی ؟

***

هەرچی بڵێی بە گوێت دەکەم

بۆ لەمەودواش دوور دەڕوانم

منیش چیم ووت ، ئەی تەوێڵی دووپارچە بووم

ئەی کەونی پڕ لەمەترسیم

دەنگی تۆشە

ئەگەر جارێ

هەوەس گرتمی و کەڵکەڵەیەک کەوتە سەرم

لەو تفەنگی برینەوە

لەو دووربینی ئازارەوە

بەفری ڕەش و گەڵای ڕەش و

گوندێکی هەڵپڕووزاوم ،

لە تۆ وویست پێم نیشان دە

من گەنجێکی بە بیانووم

لەوەتەی هەم ساڵی وڕکێ سەرم دەخوا

ئەگەر جارێ ، لەو هەرێمی مەرگانەوە

لەووڵاتی مۆردانەوە

گوڵەهەنارێکی دەمسووری ، بەژن سەوزم

لەتۆ وویست پێم نیشان دە

من پیاوێکی بە بیانووم

لەوەتەی هەم ، شەوم بە ساڵێک لێ دەڕوا !!

***

وەرە ئەمشەو پێش زەمەنی لێزمەی مردن

چاوت لە چاوما سەوزکە

بە دیارمەوە هەڵترووشکێ

نە با دووربا

فریای هەناسەم نەکەوی و تەنیا بمرم !

نا مۆردانە جێت ناهێڵم

ویستم لە تاراوگەی ئەو خەیاڵانەت بهێنمەوە

ویستم لقی  دار زەیتوونی شۆڕەوەبووی

ناز کردنێ بشکێنمەوە

ویستم بێیت وئەمشەو کە مێ

لەم دەربەنی پیریەمدا

گیانم گوڵی گیانت بگرێ!

ویستم بێیت و وەک کۆتەرە ئەم شەوم بۆ بسووتێنی
ویستم بێیت و بمبەیتەناو تەمێکەوە

لەوێ بمرم

لەوێ گوڵی گیانت بگرم !!

***

دەڕۆژ بەرلەم شایی عەشقە

ئەم سەرە سەوز و پڕ گوڵەم

لەسەر چەرپای دووەم کۆستا

وەکو ئێستا

تەمی ماچ و ناڵەی شیرین

دەیان بردە ناو هەرێمی جووتبوونەوە

جووت بوون لەگەڵ هەوای ڕەشا

جووت بوون لەگەڵ بەفر ڕەشا

هەنووکەش خۆ جووتە لەگەڵ ترێ ڕەشکەی چاوی ئەو و

بالآی پڕ وحەرفی مزری ئەم شیعرەدا

ئەی ئافرەتی وێرانە خاک

ئەی قۆزاخەی لەززەت و زەمەنی شیرین

لەو ڕۆژەوە جەنگی چاومان ئاشکراکرد

چاوم دەڵێ:

سەرم دەڵێ:

دوای سەفەر وکۆچەکەی ئەو

سلێمانی تفەنگێکە مات وبێدەنگ !

سلێمانی شەقامێکە چۆڵ وبێرەنگ !

سلێمانی باخچەیەکە بێ گوڵ و هەنگ !

بیرتان نەچێ کە جارجارەش

کەنیشکی مۆردانە و کانی

ئەوێی چۆڵ دەکرد و

دەڕژایەوە دامەنی شار

ئیتر شار بە ویساڵی ئەو

درەنگانێ دەبوو بە دەنگ

دەبووبە ڕەنگ

دەبوو بە هەنگ!

***

کە جارێ تر بە جێم دێڵی و دەڕواتەوە

تادێتەوە تاس دەمگرێ

تادێتەوە مادۆنای شەقامی مردن

دێتە ژێر لێفەکەمەوە

ئەی مادۆنای شەقامی مردن جێم بێڵە

بەم شەوە کەم خۆت ڕووت کەوە

کەم بارانی سەر وپرچت بئاڵێنە لە گیانمەوە

من دارێکی زڕ و ووشک و بێبەرم

ئەمشەو بۆ تۆش سەوز نابم

ئەمشەو بۆ تۆش بەر ناگرم

هەستە بڕۆ و بەجێم بێڵە

لێڵم مەکە تادێتەوە !

***

جاران دەمووت هەتا ئێستەش

لە زۆر گووندی وڵاتەکەم

باڵی ئایەت لە ژێر شانی مزگەوتتایە و

سەری زۆر باخ ، وەکو تەزبیح

لەگیرفانی بنارایە و

قاچی زۆر ماڵ ، وەکوبەرماڵ

لە پێڵاوی دینارایە و

دەستی زۆر ئاو ، وەکو هەتاو

لە چەپەری وونبوونایە !

ئێستەش دەڵێم

لە زۆر گووندی وولاتی چاوەڕوانیمدا

باڵی حەرف وا لەژێرشانی شیعر دایە و

سەری شیعریش وەکو تەزبیح

لە گیرفانی دیوانایە و

قاچی دیوان ، وەکو بەرماڵ

لە پێلاو ویژدانایە و

مانگی حەزم وەکو هەتاو

لە چەپەری وونبوونایە و

بەم شەوی شیعرەش نایگەمێ!!

***

ئاخەر ئەی با بیشیگەمێ بە چی دەچێ

ئەوێک تاوێ لەناو لمی برینێکمدا وەنەوز نەدا و

بەبەر خوێنی هەوری سەرما نەیە ونەچێ  و

ئەوێک جارێ شان نەداتە ژێر جەنازەی شێعرێکمەوە و

تونێلی خوام بۆ نەگەڕێ و

ئێوارانم پڕلە پەڕی هەتاو نەکا

بیشێگەمێ بە چی دەچێ !!

ئاخ مۆردانە ئەی بەهەشتی کراس سەوزی جیهانی من

من لەم عیشقە سەردەرناکەم

ئەم سووتانە هاوکێشەیە

خۆشت دەوێم بە ئاستانەی شیعرەکانم

ڕقت لێمە بە ئاستانەی خۆشەویستیت !

من لەم عیشقە سەر دەر ناکەم

هێندە نەبێ ئەی مۆردانە

ئەی مۆردانە

دوودڵ مەبە لەم جەزیرە سەوزەی ڕۆحم

هەرچیت دەویٚ ئامادەیە

چەرپا ، ئەوە دڵم !

بالیٚف ، ئەوەهەڵمی زەوی ناخم !

خواردن ، ئەوە گەزۆی حەرف وشیعر !

ئەوەلیمۆی درەختی ڕەش !

گەڕان ،ئەوە لیٚواری چەند کۆستیٚ !

کتیٚبخانە ، ئەوە زام و بیلۆگرافیای عومریٚک ڕەش !

خەمی چیتە

ترسی گرەو ؟

من وەک ووتم

من پیاویٚکی بیٚ کەیبانووم

ئەگەر باڵم لیٚکەنەوە و

زنەی چاوم

لە شاخی ئەم سەرە سەوزەم دوور خەنەوە و

ئەگەر قاچم لە ئەژنۆوە ببڕنەوە و

گویٚکانیشم بۆ دەمی تاڵ ، وەکو سیغار بپیٚچنەوە

هەرگیز پیٚیان ناکریٚ

گوێزان بە ڕدێنی نێوانمانا بێنن !

وەک تۆ خانم  چۆن پێت ناکرێ

سەری هەولێر ،

لەنێوانی پێنج پەنجەی دەستتا هەڵبگر ی و

سەری(شێرکۆ)ش لەو کەونە بچکۆلەی سەرتا بشارییەوە!

وەک تۆ خانم چۆن پێت ناکرێ

لە حزووری چەپکێ قسەی منالێکی هەڵەبجەدا

وەک گوڵدانی جەنجاڵ بە گوڵ دانەنەوێی

ئەوانیش وا  پێیان ناکرێ

بەم بێوەختە

لە تەوێڵی شنروێ وە

سەری شیعر و چیرۆک بەردەنەوە !

***

کێ دێتەڕێی دووعاشقی ڕووتەڵە وبەس ؟

چیمان پێیە لێمان بدزن !؟

ئەوی هەیە بارێ حەرفە !

ئەوی هەیە کۆڵێ ماچە!

قاچاخ چیش نین ، تالەم چەمە دەرباز دەبین

دەم بخەینە دەمی ئەسپەکانمانەوە

بڵێین نەبا

بە پڕمەیەک لەخەو ڕابێن

هەستە هاورێ

چیمان پێیە لێمان بدزن

ئەوی هەیە باری حەرفە

ئەوی هەیە کۆڵی ماچە

سەرەتای 1992/سلێمانی

تێبینی / ئەم شیعرە لە گۆڤاری کاروانی ژمارە 10دا

خولی ڕاپەڕین بڵاو کراوەتەوە

پێم خۆش بوو جارێکی تر، هەر بە زمانی 13 ساڵ بەر لە ئێستە
بەم سووتانەتان ئاشناکەمەوە